له سەردەمی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- غوڵامێک بووم، وتەکانی پێغەمبەرم لەبەر دەکرد، هیچ شتێک ڕێگر نەبوو لەوەی کە بیانگێڕمەوە جگە لەوەی هەندێک پیاو هەبوون کە تەمەنیان لە من گەورەتر بوو

لە سەمورەی کوڕی جوندوبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لە سەردەمی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- غوڵامێک (کوڕێکی بچووک) بووم، وتەکانی پێغەمبەرم لەبەر دەکرد -صلى الله عليه وسلم-، هیچ شتێک ڕێگر نەبوو لەوەی کە بیانگێڕمەوە (مەبەست فەرموودەکانە) جگە لەوەی هەندێک پیاو هەبوون کە تەمەنیان لە من گەورەتر بوو».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

سەمورەی کوڕی جوندوب -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە تەمەنی بچووک بوو لە سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وزۆر لە فەرموودەکانی پێغەمبەری لەبەر دەکرد -صلى الله عليه وسلم-، وهیچ شتێک ڕێگر نەبوو لەوەی کە فەرموودەکان بگێڕێتەوە مەگەر ڕێز گرتن نەبێت لە ئەو هاوەڵانەی کە تەمەنیان لە ئەو گەورەتر بوو (چونکە ئەم هاوەڵانە زیاتر فەرموودەیان دەگێڕایەوە بۆیە ئەمیش وەکو ڕێزگرتنێک بۆیان فەرموودەی نەدەگێڕایەوە لە سەردەمی ئەواندا).

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3130